# راگەیاندنی هاوبیرانی کوردایەتی

# سەبارەت دەستورو سەرۆکایەتیی هەرێم

ئەو دو بابەتە، لەمرۆژانەدا، بۆتە جێگەی مشتومڕی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەجۆرێ مەترسیی گرژی و کاردانەوەی نەخوازراوی لێئەکرێ. دەستی دەرەکیش، هەمیشە ئامادەو درێژە بۆئەوەی لەدرزێکی ئەو مشتومڕەوە، ژەهری خۆی بڕێژێ بۆ نانەوەی دوبەرەکی، تا رادەی شەڕی ناوخۆو لەدەسدانی دەسکەوتەکانی باشوری کوردستان! بۆیە لەروی هەستکردن بە لێپرسراویی نیشتمانی و نەتەوەییەوە، بەپێویستی ئەزانین رای خۆمان، وەک چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو دو بابەتە، بخەینە بەر دیدی ئەو لایەنانەو تێکڕا جەماوەری نەتەوەکەمان، بەمجۆرە:

بەڵگەنەویستە کە دەستور، پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ هەمو قەوارەیەکی سیاسی. بەبێ دەستور، یاساکان بێپاڵپشت ئەمێننەوەو ئەشێ بەلاڕێدابچن. تائێستاش دو جۆر دەستور لە جیهاندا پەیڕەوکراوە: دەستوری نەگۆڕ(جامد)و دەستوری بگۆڕ(مرن) بۆئەم هەرێمەی ئێمە دەستوری بگۆڕ پەسندترە چونکە جارێ خاوەن ئەزمونێکی دەستوریی زۆرنین. بۆداڕشتنی دەستور، یا هەر گۆڕینێکی دەستور، ئەبێ سەرەتا لەپەرلەمانەوە گەڵاڵە بکرێ و دوایی گشتپرسیی بۆبکرێ بەپێی یاسایەک. بەلائێمەوە دەستورێ گونجاوە بۆئەمڕۆی هەرێمی کوردستان کە ئەم بنەمایانەی لەخۆگرتبێ:

1–دەسنیشانکردنی سنورەکانی هەرێم، بەو ناوچانەشەوە کە بەکێشەلەسەرەکان ناوئەبرێن. هەروەها بەپارێزگای موسڵیشەوە کە بەدرێژایی مێژو بەشێکبوە لەکوردستان، بەتایبەتی لەو رۆژەوە کە میدییەکان ساڵی 612ی پێش زایین لەئاشورییەکانیان سەندەوە دوایئەوەی ماوەیەک داگیریانکردبو. لەهەمو سەردەمی عوسمانیشدا، شاری موسڵ، پایتەختی ولایەتی موسڵی کوردیبوە. ئێستەش بەبونی ژمارەیەک عەرەب لەموسڵدا، زۆرینەبن یاکەمینە، ئەو پارێزگایە لەروی جوگرافی و مێژوییەوە لەکوردستانێتی خۆی ناکەوێ ونابێتە بەشێک لەعێراقی عەرەبی. بۆهیچ لایەن و تاکێکیش نییە، نەحکومەت نەپەرلەمان نەحیزب نەتاکەکەس، دەسبەرداری بستێک لەخاکی نیشتمانببێ. ئەو رەگەزە ناکوردیانەش کە لەکوردستاندان، پێویستە مافی نەتەوەییان پارێزراوبێ لەهەموروویەکەوە.

2–بەداموودەزگاییکردنی کەرتەکانی: هێزی چەکدارو ئاسایشی نیشتمانی، پەیوەندییەکانی دەرەوە، دادوەری، دارایی، خوێندن، میدیا، پیشەسازی و کشتوکاڵ، تەندروستی و وەرزش، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ و هەر کەرتێکیتر.

3–کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەبریاری پەرلەمانی کوردستان و پێدانی ئەو دەسەڵاتانە بەداموودەزگای ئەو کەرتانەی ئاماژەمانبۆکرد.

4–نوسینی بەندێک لەو دەستورەدا کە مافی دیاریکردنی چارەنوس بدا بە هەرێم بەپێی گشتپرسییەک لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمەوە.

5–پاراستنی سەروەریی و یەکپارچەیی قەوارەی سیاسیی باشوری کوردستان و مۆرکی ناپاکی (الخیانە) بەهەرلایەن و کەسێکەوە کە هەوڵی کەرتکردنی ئەو قەوارەیەبدا.

6–هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم، هەر 4 ساڵ جارێک، بەپێی گشتپرسییەک لەلایەن سەرجەم خەڵکی باشوری کوردستانەوە نەک لەپەرلەمانەوە. هۆکارەکانی ئەم خاڵە:

ا–پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە نەک هەڵبژاردن.

ب-بۆئەوەی بواری خۆپالاوتن، بۆئەم پۆستە، کراوەبێ بۆهەموکەسێک لەناوەوەو لەدەرەوەی پەرلەمانیش. ج-سەرۆکی هەرێم، ئەبێ سیمبولێبێ بۆهەمو نەتەوەو نوێنەرایەتی هەمو نەتەوەبکا، ئەوەش کاتێ دەستەبەرئەبێ کە لەلایەن زۆرینەی هاونیشتمانیانەوە هەڵبژێردرێ، نەک لەلایەن تەنیا ئەندامانی پەرلەمانەوە کە بریتین لەنوێنەری پارتییە سیاسییەکان. پارتییە سیاسییەکانیش لەهیچ کۆمەڵگەیەکدا زۆرینەی خەڵکی پێکناهێنن، بۆیە لەزوربەی وڵاتە دیموکراتییە راستینەکاندا، سەرۆکی وڵات لەلایەن میللەتەوە هەڵئەبژێردرێ نەک پەرلەمان.

د-کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، سنوردداربو، بەپێی برگەی 3 ی سەرەوە، ئیتر مەترسیی تاکڕەوی و دیکتاتۆربونی سەرۆکی هەریم، بونی نابێ. بەپێچەوانەوە، ئەگەر هەمو دەسەڵاتەکان بکەوێتە دەس پەرلەمان، ئەوسا مەترسیی تاکڕەوی و دیکتاتۆربونی پەرلەمان چاوەروانئەکرێ!

بەهیوایین ئەم راگەیاندنەمان کە لە نیهادێکی پاک و لانەگیرو دڵسۆزانەوەیە، بەردێکی نابێتە سەر بەردێک بۆ تەلاری سەروەری و ئارامی و ئاسایشی نەتەوەییمان.

**هاوبیرانی کوردایەتی**

**باشوری کوردستان** 27 /2015/4